# قسه یان له شێت ببیسه یان له منداڵ.!

## مشعان جبووری وەک نموونەیەک

موحسین جوامێر
mohsinjwamir@hotmail.com

له سایتی " یەکگرتوو " دا هەواڵی سیمینارێکم خوێندەوە, تیایدا پوختەی نێوەرۆکی بۆچوونەکانی مشعان جبووری لەمەڕ ڕۆڵ و دەستێوەردانی زاڵمای خەلیل زاد له دەستووری ئیتیحادی و بەناوی سوننەوە, بڵاو کردۆتەوەو دەڵێ : ئەو پێشنیارانە داواکاریی وڵاتی ئیقلیمین, به تایبەتی تورکیا.. بەڵام بەناوی عەرەبی سوننەوە بەرزی کردوونەتەوە..

سەبارەت به ڕۆڵی عەرەبی سوننەش لەمەڕ نووسینەوەی دەستووردا, مشعان دەڵێ : لەناو نوێنەرەکاندا سەددام, زەرقاوی, نیشتمانی وخەڵکی تریش هەن..

له ڕاستیدا, ئەو قسانەی مشعان, ئەگەرچی یەکەم جارە له ئەوەوە بیسترابن, بۆ هێندێکیش قسەی بندۆشەک بن و تازە ئاشکرا بووبن و خرابێتنە سەر دۆشەک, وەلێ بۆ ئەوانەی تۆزقاڵێک له مێژوو و مامەڵەی تورک له گەڵ مەسەلەی کوردا, ئاگادار بن, بڕوا ناکرێ ئەو ڕاستییە نەزانن و لەو فێڵ و فەرەجەی کەمالیستان نامۆ بن .. جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کە مشعان هەر کە لەکەللەی دا, به تایبەتی له کوردستان, هەرچی له بن بەرێیە دەیهێنێتە سەر بەرێ ..

ڕەنگبێ قسەی مشعان بۆ عەرەبەکان نوێ بێت, وەلێ بۆ کورد قەوانێکی سواوەیە, چونکە له مێژە له نێو دۆزەخی تورک و پیلانەکانیدا خول دەخۆنەوە و له مەرگەسات و خوێن و بۆنی بارووت و دەردەسەری بەولاوە, هیچی دیکەیان لەو سیستەمە نەدیوە. ئەگەر وردە دەسکارییەکیشی له جۆری سیاسەتی خۆی له حاند هەندێ مافی زۆر بچکۆلانەی نێو وڵاتی خۆیدا کردبێت, له بن زەبری شەق و پێلەقە و مەترەقی ئەورووپا بووە.

تورکیا هەمیشە لەسەر هێڵی شەمەندەفەری خۆی بووە له دژی کورد و کوردستاندا و هەرگیز هەدای نەداوە. وەک زلهێزێکی ناوچەش, سەبارەت به کێشەی کورد, توانیویەتی کار لەسیاسەتی وڵاتانی دیکەش بکات, چ وڵاتانی گەورەی دنیا و چ وڵاتانی ناوچە وەکو سووریا و ئێران.. بۆ تەفروتونا کردنی بزاڤی کورد و له بەینبردنی ئاواتەکانیشی, هەمیشە کاریویەتی به قازانجی خۆی دەسکەوتان هەڵکرێنێت.

ئەگەر له بیرمان بێ, له سەرەتا و گەرمەی نووسینی دەستووردا, شاند له دوای شاند بانگهێشتی تورکیا دەکران, هەر له گەورە بەرپرسانڕا بگرە تا حیزب و هەیئە و کۆمەڵە و عەشایەر و کەسایەتییەکان..

ئەگەر جەعفەری و عەمماری ئەلحەکیم به ئاشکرا دەدوان و به دڵی تورک و له دژی داخوازییەکانی کورد شەکریان دەشکاند, ئەوا کۆبوونەوەی بەدزی و ئاشکرای سەیرانگەی ( بۆلو ) ی کەمێک نزیکی ئەنقەرە, کە شاندی هاوپەیمانییەتی شیعە و مەجلیسی ئەعلا و تەوژمی سەدری و پارتە تورکمانییەکان وکەسایەتییە عیراقییەکان و به سەرپەرشتیی گەورە سیاسەتوانانی تورک وەک عوسمان کورا تورک و حوسێن عەونی, بۆ تۆژینەوە له بارەی ڕەوتی بەرێوەچوونی نووسینەوەی دەستوور, نموونەی هەرە زەقن لەسەر ئەو سیاسەتەی تورک شێلگیرانە له دژی کورد پێرەوی کردووە و دەشیکا و هەرگیزیش چۆکی شل نابێت.

گرفتەکەی ئێمە تەنیا لەوەدا نییە گوایە تورک کاریگەریی لەسەر غەیرە کوردیش کە خۆیان به دۆستی کورد داناوە و دادەنێن و پێکەوە تاڵی و سوێرییان چەشتووە, هەیە, بگرە بەڵایەکە لەوە دایە کوردەکەیش کەوتە بەر شاڵاوی پیلانەکانی

تورک, له کاتێکدا دەیتوانی به هەڵوێستی ( نا ) زۆر پرۆسەی ( نا ) ی نەیاران هەر چەندە زلیش بووبن, بیانوەستێنێت, به هێزی یاساش.!

ئەو نەرمینواندنەی کورد بەرامبەر چەند خاڵێکی دەستوور, هەرەسێکی گەورە بوو و بێئومیدییەکی له دەروونی کورد هەتا بەرانبەر بەو چەند بەندەیش که مایەی نیمچه فەرامۆشییەک بوون, دروست کرد و متمانەی لەلاکەم کردەوە.. بگرە هەتا بووە هۆی بێزەوەرکردنی قودسییەتی دەستووریش لەبەر چاوی غەیرە کورد, بۆ ئەوەی سڵ له پیادەکردن و جێبەجێکردنی بەندەکانی بکرێتەوە. زاتەن زیانەکەش هەر کورد دەیکات و شەقەکەش هەر ئەو دەیخوات.

گوتنی ( دەستوور خۆ قورئان نییه, نەگۆڕێت !) که لەسەر زاری هێندێک له لێپرسراوانی کوردمان ژنەفت, هەم قسەیەکی ناشارستانییە و هەمیش لەگەڵ رۆحی قورئانا تەبا نییه, بگرە سەرپێچییەکی گەورەشه. دەستوور, بۆ وڵاتانی ئەورووپی ــ بۆ وێنه ــ له جێگەی کتێبی پیرۆزی ئێمه دایه, بەموو لێلادانی وەک تاوانێک دێته ئەژماردن و به زاراوەی ئێمه ( کوفر )ە.. به بۆچوونی ئیسلامیش گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە له ( کۆڕا ــ اجماع ) وەوە سەرچاوەی گرتووە, که له دوای قورئان و سوننەوە دێ وبه هەندهەڵگرتن و پێڕەوکردنی فەرزە, نەک هەر یەکێ بێ و دەستێکی تێوەردا و لایەکی لێ بقرتێنێت و دەسکارییەکەش له ژێرناوی (هەموارکردن) بفەلسەفێنێت.

دەڵێن قسه یا له منداڵ ببیسه یان له شێت, چونکه ئەوانه له هیچ شتێک ناپەنگێنەوە و پەنا و پێچیان نییە..ناڵێم کاک مشعان ــ حاشاکی وی ــ شێتە, بەڵام گریمان شێتۆکەیەکی هەقگۆیە..ئەگەر تورک دەست له کاری کورد وەرنەدا و تەپکەوداوی بۆ نەنێتەوە, ئەی غەیری ئەو کێیه.؟ ئەگەر رەوشەکه ــ تا رادەیەک ــ به دڵی تورک نەبایە, ئەوها متەقی له خۆی دەبڕی.؟

ماڵم هەقە, وەختێک مشعان دەیوت کورد دەبێت خودان دەوڵەت بێت, زۆر عەرەب سوژدەی بۆ دێوەکەی بەغدا دەبرد.!

خۆزگەم کوردیش ناوناوە سیاسەتوانێکی شێتۆکەی ئەوهای هەبایە, دەوجا با خەلیل زاد دەرۆستی بهاتایە و پێی بوێرابایە.!